LONDON KURDISH FILM FESTIVAL

# بانگەواز بۆ پێشکەشکردنی فۆرمی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، تائێستاکە یەکەمین فێستیڤاڵی کوردییە کە لەلایەن کۆمەڵەکوردێکی چالاکی لەندەنەوە ڕێکخراوە. بۆ ئەوەیش زۆرتر جێگەی متمانەی کورد بێت، فێستیڤاڵەکە، ساڵی 2006، بووە یەکێک لە بنکۆمیتەکانی کۆمەڵەکوردییە سەرەکییەکانی بریتانیا کە نوێنەرایەتیی هەموو کوردی کوردستان دەکات. وا ئەمساڵیش خۆمان بە بەختەوەر دەزانین، مژدەی ڕێکخستنی چوارەمین (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی)تان لە لەندەن پێ ڕابگەیەنین کە لە ڕێککەوتی 2006/12/8ەوە بۆ ماوەی یەک هەفتە لە سینەمای (ڕیۆ)ی ناوچەی دۆڵستن بەڕێوە دەچێت.

بەو بۆنەیەوە، ئێمەش وەک کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵ، داوا لە هەموو دەرهێنەرە کوردەکان و ناکوردەکانیش دەکەین کە فیلمیان دەربارەی کورد سازداوە، کارەکانیان بنێرن بۆ بەرنامەی ئەمساڵی فێستیڤاڵەکە. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، فیلمی درێژخایەن، بەڵگەنامەیی و کورتەفیلمیش کە وەرگێرانی ئینگلیزییان لەسەربێت پەسەند دەکات، تا بخرێنە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. ئێمە ئەگەرچی دەتوانین بە گشت شێواز (فۆرمات)ەکانی:

- 35mm

- 16mm
- HD
- Mini DV و تاد... فیلم نیشان بدەین، بەڵام وەک ئەوەی ئامانجمان نیشاندانی فیلمەکانە بە چاکترین شێوە، زۆر سوپاسگوزارتان دەبین ئەگەر فیلمەکانتان بە شێواز (فۆرمات)ی:
35mm, 16mm, HD و هەروەها شێوازی کاراتریش پێشکەشمان بکرێن.

## مەرجەکانی وەرگرتنی کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی بۆ هەڵبژاردن

**فیلم**

تەنها ئەو فیلمانە وەردەگرین کە دەرهێنەرانی کورد لەسەر هەر بابەتێک سازیان کردوون، یاخود ئەوانەی دەرهێنەرانی بیانی لەسەر کورد دروستیان کردوون.

**جۆنرا (جۆر)**

هەموو جۆرێک فیلمی درێژخایەن، کورتەفیلم و بەڵگەنامەیی.

**شێواز**

DVD

VHS PAL

mini DV tape

بەڵام کەمتر بەگەن دەکرێ.

**وەرگێڕانی (سەبتایتڵ)**

دەبێت فیلمەکان وەرگێڕانی ئینگلیزییان لەسەر بن.

**دوامۆڵەت**

30ی ئۆکتۆبەری 2006

**بەهای پێشکەشکردن \بەهای ناردن**

بەهای پۆست بۆ ناردنی کارەکان دەبێت لەلایەن بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکانەوە دابین بکرێت. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، هیچ خەرجییەک سەبارەت بە ناردنی کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی بە مەبەستی هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی فێستیڤاڵ لە ئەستۆ ناگرێت.

**ڕێبازی ناردنەوە**

کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی هەموو فیلمەکان لە ئەرشیفی " فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن" هەڵدەگیرێن و ناگەڕێنرێنەوە بۆ بەرهەمهێنەر یاخود دەرهێنەرەکان.

## فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن: داخوازینامەی پێشکەشکردن

**ناوونیشانی داواکار:**

ناو:
کار:
ناوونیشان:
شار:
هێمای بەریدی:
وڵات:
ژمارەی تەلەفۆن:
مۆبایل:
ئیمەیڵ:
ماڵپەڕە:
ناونیشانی گەڕانەوە، ئەگەر لەوەی سەرەوە جودایە.

**دەرهێنەر (ئەگەر لەوەی سەرەوە جودایە) :**
ناو:
ناوونیشان:
شار:
هێمای بەریدی:
وڵات:
ژمارەی تەلەفۆن:
مۆبایل:
ئیمەیڵ:
ماڵپەڕە:

**بەرهەمهێنەر(ان) (ئەگەر لەوەی سەرەوە جودایە):**
ناو:
ناوونیشان:
شار:
هێمای بەریدی:
وڵات:
ژمارەی تەلەفۆن:
مۆبایل:
ئیمەیڵ:
ماڵپەڕە:

کۆمپانیای بەرهەمهێن:
ناو:
ناوونیشان:
شار:
هێمای بەریدی:

ولات:
ژمارەی تەلەفۆن:
مۆبایل:
ئیمەیڵ:
ماڵپەڕە:

## فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن: داخوازینامەی پێشکەشکردن

**شوناسی فیلم**

ناو:
مەودا:
کاژێر: خولەک: چرکە:
ڕێککەوتی تەواوبوون:

**شێوازی نیشاندانی سەرەتایی: تکایە یەکێکیان هەڵبژێرە**
PAL VHS PAL DVD
**شێوازی نیشاندانی سەرەکی: تکایە یەکێکیان هەڵبژێرە**
8 mm 16 mm 35mm
BETA SP DVD DV CAM Mini DV
هی تر (تکایە دەستنیشانی بکە): -----------------------------------------

**زمانی ڕەسەنی فیلمەکە:**

ئایا ئەمە یەکەم نیشاندانی بەریتانیایەتی؟ بەڵێ نەخێر (تکایە باسی بکە)

ئایا ئەمە یەکەم نیشاندانی جیهانیەتی؟ بەڵێ نەخێر (تکایە باسی بکە)

**تکایە ئەمانەی لای خوارەوەش دەستەبەر بکە:**

کورتەی بیرۆکەی فیلمەکە
مێژووی نیشاندانی فیلمەکە
ژیاننامە و (سی ڤی) فیلمساز
لانی کەم، سێ دیمەنی گیراوی فیلمەکە لەسەر خەپلەی (سی دی) یاخود (دی ڤی دی)یەکی جودا، چاکترە ئەگەر بە شێوازی (JPEG) یان (TIFF) بن.

**من مەرجەکانی فۆرمەکەم خوێندۆتەوە و تێیاندەگەم.**

ئیمزا:

ڕێککەوت:

ڕێنماییەکانی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

دوارۆژ بۆ وەرگرتنی داواکارییەکانی بەشداربوون: ڕۆژی 2006/10/30

**تکایە بەر لە ئیمزاکردن و ناردنی داوای بەشداربوون، ئەم خاڵانە بەوردی بخوێننەوە**

* لەلایەن (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن)ەوە هیچ پارەیەکی دیاریکراو نییە بۆ بەشداریکردن. کۆمیتەش خۆی بەپێی بودجەی بەر دەست، بڕیار لەسەر ئەم بابەتە دەدات، بەڵام تا ئەوپەڕی توانا هەوڵی یارمەتیدانی فیلمسازەکان دەدات.

* هەرچەندە ڕێککەوتی بەرهەمهێنانی فیلمەکان بە هەند وەرنەگیراوە، بەڵام (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن) زۆرتر پێشوازی لەو فیلمانە دەکات کە نوێ دروستکراون.

* ئەگەرچی ژمارەی ئەو فیلمانەی هەر فیلمسازێک پێشکەشی دەکات سنووردار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فێستیڤاڵ تا ئەوپەڕی دوو فیلمی بۆ فێستیڤاڵەکەی 2006 نیشان دەدات. ئەگەر پتر لە دوو فیلمت پێشکەش کرد، ئەوا ئەوانی دیکەیان بۆ فێستیڤاڵەکانی ئایندە هەڵدەگیرێن.

* ئەگەر بتەوێت بە فیلمێک زۆرتر بەشدار بکەیت، دەبێت فۆرمی داواکردنی هەر فیلمێک بە جودا پێشکەش بکەیت.

* کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی دەبێت بە PAL VHS / DVD پێشکەش بکرێت.

* کۆپیی نیشاندانی سەرەکی، بە یەکێک لەم فۆرماتانەی خوارەوە پەسەند دەکرێن:
BETA SP / PAL Video / 35 mm / 16 mm / DVD / Mini DV / DV CAM
بەداخەوە هیچ فیلمێک بە شێوازی VHS لەبەر ناجۆریی چۆنایەتییەکەی نیشان نادەین، هەروەها هیچ کارێکیش بە شێوازی NTSC پەسەند ناکرێت.

* هەموو کاسێت و (دی ڤی دی)یەکی پێشکەشکراو، دەبێت بەڕوونی ئەم زانیارییانەیان لەسەر بنووسرێت: ناوی فیلمسازەکان، ناوی فیلمەکە، ماوەی دروستی فیلمەکە لەگەڵ شێوازەکەی.

* هەر بەرهەمێک لە دەرەوەی بریتانیاوە هاتبێت، دەبێت بەڕوونی لەسەری نووسرا بێت کە:
بۆ کاری بازرگانی نییە / بەهای بازرگانی نییە/ بە دەستیاو دراوە بە فێستیڤاڵەکە / نرخەکەی سفرە.

* کۆپییەکانی نیشاندانی سەرەتایی بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاروباری فێرکردن وئەرشیف، لەلای کۆمیتەی (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن) هەڵدەگیرێن.

* گشت کۆپییەکانی نیشاندان، دەبێت پێش 2006/12/1 بگەنە دەستی کۆمیتەی (فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن)، جگە لەوانەی کە لەو ماوەیەدا لە فێستیڤاڵی تردا بەشدارن کە دیارە ئەو بارودۆخەش لەلایەن فێستیڤاڵەوە لە بەرچاو دەگیرێت.

* فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، دەستەبەری خەرجیی گواستنەوەی هیچ فیلمێک ناکات، کە لە فێستیڤاڵێکی ترەوە گوێزرابێتەوە. بەڵام خەرجیی هێنان و گێڕانەوەی ئەو فیلمانە دەگرێتە ئەستۆ، کە ڕاستەوخۆ لە دەرهێنەر یان فیلمسازەوە ڕەوانە دەکرێن.

* بیمەکردن لەسەر شانی فیلمساز یا دەرهێنەرە. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، لە گواستنەوەدا ئۆباڵی خراپبوون و زیانپێکەوتنی هیچ فیلمێک ناگرێتە ئەستۆ، بەڵام لە خراپبوونی لە کاتی لێدان و نیشاندانیاندا لاری نییە.

* ئەگەر فیلمەکەت پەسەند کرا، فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن داوای زانیاریی پترت بۆ میدیا و بڵاوکردنەوە لێدەکات، لە بابەتی پۆستەر و هەر کەرەسەیەکی PR ی دیکەی چاپکراو. بەلانی کەمیشەوە دەبێت، وێنەی سێ دیمەنی فیلمەکە لەسەر (سی دی)یەکی جودا بە شێوازەکانی:
JPEG/PDF/TIFF هاوپێچ بکەیت.

* فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، دەشێت بەپێی بودجەی شیاوی خۆی، ژمارەیەک لە فیلمسازان و ئەکتەر و ئەکترەسەکانی بەشێک لەو فیلمانەی کە قبوڵ کراون بانگهێشت بکات و خەرجیی هاتوچوون، خەوتن و مانەوەیان لەگەڵ پارەی خەرجیی ڕۆژانەشیان مسۆگەر بکات. سەرەڕای ئاگاداریمان لە نرخی هاتوچوون، بەڵام بەداخەوە لە توانای فێستیڤاڵدا نییە ئەم خەرجییە بۆ هەموو فیلمسازانی بەشداربوو دابین بکات. فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن ناتوانێت ئەو پارانە بۆ بەرهەمهێن، یاخود هاوسەر و هاوڕێیانی فیلمسازەکان و هونەرمەندان و ئەکترسەکان مسۆگەر بکات.
ئەگەرچی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن گوزەرنامەیەکی ڕێگەپێدراوی سەیری نیشاندانەکان بۆ بەرهەمهێن، و ئەوپەڕی دوو کەسیش لە هاوسەر و هاوڕێیانی هەریەک لە فیلمساز و ئەکتەر و ئەکترەسەکان دابین دەکات.

* ناردنی کارەکەت بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، بەدڵنیاییەوە واتای پەسەندکردنی ئەو ڕێنماییانەی سەرەوە دەگەیەنێت.

**تێبینی:**
فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، ئەگەر پێویستی کرد ئامادەیە بە مەبەستی ڤیزابەدەستخستن، یان هەر مەبەستێکی دیکە، داوەتنامە و پشتگیرینامە بۆ فیلمسازەکان دەستەبەر بکات.

**داواکارییەکان:**
1) کۆپیی نیشاندانی سەرەتایی فیلمەکە لەگەڵ وەرگێردراوی ئینگلیزیدا.
2) فۆرمی داواکە بە تەواوکراوی.
3) کورتەیەکی ناوەڕۆکی فیلمەکە.

4) (سی ـ ڤی).
5) ژیاننامه.
6) (سی ـ دی)یەکی جودا کە وێنەی 3 دیمەنی گیراوی فیلمەکەی تێدا بێت.

بە هیوای ئەوەی کە فیلمەکانتان بە دەستمان بگەن و مانگی دیسمبەریش، کاتی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵ، بە دیدارتان شاد بین.

**ناونیشانی پێشکەشکردن**
هەموو کۆپییەکانی نیشاندانی سەرەتایی دەبێت بۆ ئەو ناونیشانانەی لای خوارەوە بنێردرێن:
کۆمیتەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن" و لکەکۆمیتەکانی باشووری کوردستان:

لە لەندەن
**عەتا موفتی**
ناونیشان:
KEA, 2 Thorpe Close London W10 5XL
تەلەفۆن:
00447956492252
00447811464591
ئیمەیڵ:
atamufty@lkkf.co.uk
atamufty@yahoo.co.uk

## پەیوەندییەکانی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە باشووری کوردستان:

لە سلێمانی:
**هۆرێن غەریب ڕەئوف**
ناونیشان: سلێمانی
تەلەفۆن: 00964 770 215 57 00
ئیمەیڵ:
horenos@yahoo.com

لە هەولێر:
**مەهدی ئۆمێد**
ناونیشان: هەولێر
ئیمەیڵ: regafilm@yahoo.com
مۆبایلی کۆرەک: 4454799
تەلەفۆنی نورمال: 0662500123

له كه‌ركووك:
**ناسر حه‌سه‌ن**
ناونیشان: كه‌ركووك
ئیمه‌یڵ: naserhasan_1@hotmail.com
ishawnim@hotmail.com
ته‌له‌فۆن: 00964 7701 311 084

له دهۆك:
**محه‌مه‌د عه‌لی ئه‌تروشی**
ناونیشان: دهۆك
mamobari@yahoo.com
ته‌له‌فۆن: 00964 750 450 8338

**هه‌نگاوه‌كانی بڕیاردان**

كۆمیته‌ی ڕێكخستنی فێستیڤاڵ به مه‌به‌ستی بڕیاردان له یه‌كه‌م كۆبوونه‌وه‌یدا سه‌یری كۆپییه‌كانی نیشاندانی سه‌ره‌تایی ده‌كات. تا یه‌كه‌م هه‌فته‌ی نۆڤه‌مبه‌ری 2006یش هه‌موو به‌رهه‌مهێن و ده‌رهێنه‌ره‌كان له بڕیاری كۆمیته ئاگادار ده‌كرێنه‌وه، بۆیه ئێمه‌ش دوای ته‌واوبوونی پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنی كاره‌كان و ئاگاداركردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مهێن و ده‌رهێنه‌ره په‌یوه‌ندیداره‌كان، وا چاوه‌ڕوان ده‌كه‌ین، ئه‌وانه‌یان كه له لایه‌ن كۆمیته‌ی فێستیڤاڵه‌وه كاره‌كانیان په‌سه‌ندكراوه، كۆپیی ڕه‌سه‌نی فیلمه هه‌ڵبژێردراوه‌كان، پۆسته‌ر، هه‌موو به‌ڵگه‌نامه ئه‌لكترۆنی و هارده‌كانیانمان له ماوه‌ی دوو هه‌فته‌ی دوای ئاگاداركردنه‌وه‌یانه‌وه، بگه‌نه ده‌ستمان.

**په‌یوه‌ندیكردن به كۆمیته‌ی ڕێكخستنی " فێستیڤاڵی فیلمی كوردی له له‌نده‌ن "**

ئه‌گه‌ر هه‌ر پرسیارێكتان ده‌رباره‌ی فێستیڤاڵ ، پابه‌ندییه‌كان و هه‌رچییه‌ك په‌یوه‌ست بێت به فێستیڤاڵه‌وه هه‌بوو، تكایه په‌یوه‌ندی بكه‌ن به كۆمیته‌ی ڕێكخستنی فێستیڤاڵه‌وه به‌و ناونیشانی په‌یوه‌ندییانه‌ی لای خواره‌وه:

بۆ زانیاریی گشتی به زمانی ئینگلیزی و كوردی (كرمانجی) و توركی سه‌باره‌ت به فێستیڤاڵه‌كه و به‌ڕێوه‌چوونی پابه‌ندییه‌كان و فێستیڤاڵه‌كانی پێشتریش، تكایه په‌یوه‌ندی بكه‌ن به:

**موسته‌فا گوندوگدو**
ئیمه‌یل:
mustafa.gundogdu@gmail.com

مۆبایل: 00447876710250

بۆ زانیاریی گشتی بە زمانی ئینگلیزی و کوردی (سۆرانی) و فارسی و عەرەبی دەربارەی سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پابەندییەکان و فێستیڤاڵەکانی پێشتریش، تکایە پەیوەندی بکەن بە:

**عەتا موفتی**

ئیمەیڵ:

atamufty@lkff.co.uk

atamufty@yahoo.cm.uk

مۆبایل:

00447956492252

00447811464591

**ئەندامی بنکۆمیتەکان لە لەندەن**

ئاوات نامیق ئاغا

تارا جاف

کانی ئیسماعیل

سامان لاوە

دانا عەباس

ئەکی بابەمیری

شەونم عادل

کاروان عەلی

هەژیر فەرهاد عابد

لیڤا هەڤاڵ کوێستانی

ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئەم بەڕێزانە لە فێستیڤاڵەکەدا دواتر ڕادەگەیەنرێت!

## تێبینیی گرنگ:

بڕیاری بەشداربوونی سەرجەمی ئەو بەرهەم و فیلمانەی لە هەر جێیەک بۆ هەڵبژاردن کۆ دەکرێنەوە لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە (لەندەن)ەوە دەدرێت.

**کۆمەکی دارایی:**

ناو و ئارم و زانیاری سەبارەت بە هەر دەستگا و لایەنێکی کوردی و غەیرەکوردی کە کۆمەکی دارایی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی دەکەن لە هەموو ڕاگەیاندن و بۆنەیەکدا بڵاو دەکرێنەوە و لە هەفتەی فێستیڤاڵەکەشدا لەسەر شاشە پیشان دەدرێن.

سەبارەت بە کۆمەکی دارایی و مەرجەکانی چۆنێتیی کۆمەکەکە بەم زووانە لە بانگەوازێکی جیاوازدا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەین. هاوکات تا ڕاگەیاندنی بانگەوازەکە هەر دەستگا و لایەن و بەڕێزێک خوازیارە

بەشداریی کۆمەکی دارایی بکات، دەتوانێت سەبارەت بە مەرجەکانی کۆمەکی دارایی پەیوەندی بکات بە (عەتا موفتی)یەوە لە ڕێگای ئەو زانیارییانەوە کە لەم بانگەوازەدا بڵاو کراونەتەوە.

هەر دەستگا و لایەن و دامەزراوەیەکی کوردی دەتوانێت ببێت بە ئەندامی کۆمیتەی کۆمەکی دارایی فێستیڤاڵەکە.

**عەتا موفتی**
**لەندەن**